ئەنجوومەنی باڵای فەتوا ڕێژەی زەکات و سەرفیترە و فیدیەی ئەمساڵی دیاریکرد

ئەمڕۆ چوارشەممە، 13-03-2024، ئەنجوومەنی باڵای فەتوای سەر بە یەکێتیی زانایانی ئایینیی هەرێمی کوردستان لە ڕاگەیەندراوەکدا ڕێژەی زەکات، سەرفیترە و فیدیەی ئەمساڵی دیاریکرد.

بە گوێرەی ڕاگەیەندراوەکە، ڕێژەی سەرفیترە بە هەر کەسێك لەمساڵدا بە لایەنی کەم (2500) دوو هەزار و پێنج سەد دینار دەبێت.

ئاماژە بۆش کراوە، "ئەندازەی فیدیەی بەڕێژوو نەبوون بە هەر ڕێژێك (2500) دوو هەزار و پێنج سەد دینار دەبێت".

لێبارەی زەکاتیش، لە ڕاگەیەندراوەکدا هاتووە: "ئەندازەی ئەو پارەیەی زەکات تیایدا واجب دەبێت (نیصابی زەکات) بریتییە لە (2,100,000) دوو ملیۆن و سەد هەزار دیناری عیراقی، واتە هەر کەسێك (2,100,000 دوو ملیۆن و سەد هەزار دیناری عیراقی) هەبێت و، ساڵی بەسەردا سوڵا بێتەوە، واجبە بە ڕێژەی (2.5%) سەدا دوو و نیو واتە بە هەر ملیۆنێك بیست و پێنج هەزار دیناری عێراقی بەزەکات بدات بە هەژارو کەم دەرامەتان"